**سەرۆکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان خاتوو سارا ڕەشید بەشداره لە گرنگترین گفتوگۆکان لە کۆنفرانسی ٣٠ یەمین ساڵیادی ساڵی جیهانی بۆ خێزان لە دەوحە**

**ئامانج لە گفتوگۆکان پەرەدانە بە کاری هاوبەش لە نێوان نەتەوەکان لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارە و یاسای نوێ بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خێزان و پشتگیریکردنی خێزانی ئاوارە و کۆچبەر و پەنابەر.**

١ تشرینی دووەم ٢٠٢٤

سەرۆکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان خاتوو سارا ڕەشید بەشداری دەکات لە کۆنفرانسی ٣٠ یەمین ساڵیادی ساڵی جیهانی بۆ خێزان کە لە دەوحەی پایتەختی قەتەر ئەنجامدەدرێت.

لە مەراسیمەکەدا سەرکردەکان و یاسادانەران و داکۆکیکاران لە سەرانسەری جیهاندا کۆبونەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی منداڵان و خێزانی ئاوارە و کۆچبەر و پەنابەر دەبێتەوە.

لە کۆنفرانسەکەدا بەشداربووان چەند بابەتێکی گرنگیان خستەڕوو، وەک دابینکردنی پەروەردە و چاودێری تەندروستی و پشتگیری کۆمەڵایەتی بۆ خێزانی ئاوارە و کۆچبەر و پەنابەر.

لە کۆنفرانسەکەدا خاتوو سارا ڕەشید جەختی کردەوە لە پابەندبوونی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە داکۆکیکردن لە مافەکانی منداڵان و پاراستنیان بە گشتی و بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە گفتوگۆکان پەرەدانە بە کاری هاوبەش لە نێوان نەتەوەکان لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارە و یاسای نوێ بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خێزان و پشتگیریکردنی خێزانی ئاوارە و کۆچبەر و پەنابەر.

خانمی یەکەمی عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد یەکێک بوو لە بەشداربووە هەرە دیارەکانی کۆنفرانسەکە، ئاماژەی بەوەکرد: " بەها خێزانییەکان لە جیهاندا جیاوازە و بۆ زۆرێک لە خێزانەکانی ئاوارە و کۆچبەر و پەنابەر زیندوو هێشتنەوەی ئەم بەهایانە ئەرکێکی لەپێشینەیە، کە زۆربەی جار دەکەوێتە سەرشانی دایکان."

هەروەها وتیشی:" پێویستمان بە یاسایەکە کاربکات بۆ نەهێشتنی کۆچکردن لەڕێگەی دابینکردنی هەلی کار و پێشخستنی ئابوری خێزان و باسکردنی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا و لە سەرو هەموویانەوە کۆتایهێنانە بە جەنگ.

لەدرێژەی کۆنفرانسەکەدا، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان نوێترین گۆڕانکارییەکان سەبارەت بە دەستکەوت و دەستپێشخەرییە گرنگەکان دەخاتە ڕوو کە لەم کۆبونەوە گرنگەدا باسدەکرێن.

-کۆتایی-

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org







**دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان**

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەرێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵاییەتی، ئابوری، و پەروەردەی .

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەرێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

**بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:**

press@ksc-kcf.org

**سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:**

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren


پەیوەندیمان پێوە بکە:

ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق

ژمارە تەلەفۆن : +٩٦٤٥٣٣٠١٠٤٠

وێبسایت: www.ksc-kcf.org

ئیمەیڵ: press@ksc-kcf.org